# حوکمی ئەنجامدانی نەشتەرگەری منداڵی بلوری

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم إجراء عملية أطفال الأنابيب

« باللغة الكردية »

## القسم الكردي في موقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی ئەنجامدانی نەشتەرگەری منالّی بلوری

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی مالّپەڕی ئیسلام هاوس کراوە:

**پرسیار**: ئایا حوكمی ئەنجامدانی نەشتەرگەری منالّی بلوری چیە ؟

خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەلام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەلاّت وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

بۆ ڕوونكردنەوەی حوكمی ئەم مەسئەلەیە پێویستمان بەوە هەیە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریە ڕوون بكەینەوە، پاشان حوكمەكەی ڕابگەیەنین .

سەرەتا دەبێت بزانین مرۆڤی موسلّمان نابێت ئەم ڕێگایە بگیرێتە بەر لەحالّەتی زۆر پێویستدا نەبێت، وە تا دەكرێت دەبێت دكتۆرێكی ئافرەتی موسلّمان ئەو نەشتەرگەریە ئەنجام بدات، ئەگەر نەكرا ئەوە دكتۆرێكی ئافرەتی ناموسلّمان ئەنجامی

بدات، چونكه ئافرەتی موسڵمان نابێت عەورەتی بۆ غەیری پیاوەكەی بخاتە ڕوو لەكاتی پێوستدا نەبێت، چونكە ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە پێویستە لە ناوەندێكی پزیشكی متمانە پێكراودا ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە (ثابت) كردنی نەسەبەوە هەیە، ئەمەش مەسئەلەیەكی وورد و حەساسە و نابێت بەبێ (ضوابط) ی شەرعی ئەنجام بدرێت، جا پاش ئەوەی كە ئەم ڕێكارە شەرعیانە گیرانە بەر شێوازەكانی ڕوون دەكەینەوە :

**شێوازی یەكەم** : تۆوی پیاوێك لە ئاوی پیاوەتی وەردەگیرێت و پاشان هێلكەی ژنەكەشی وەردەگیرێت و لە تاقیگەیەكدا ولەدەرەوەی ڕەحمی ئافرەتەكە دەپیتنرێت و پاش دڵنیا بوونی لەوەی كە پیتێنراوە دەیگەڕێینەوە بۆ ناو ڕەحمی ژنەكە بۆ ئەوەی بنوسێت بە دیواری ڕەحمیەوە وبەیارمەتی خوای گەورە پاشتر ببێت بە كۆرپەلە، ئەم شێوازەیش كاتێك دەكرێت ئەگەر هاتوو ئافرەتەكە

کێشەیەك هەبوو لە قەناتی ( فالوب ) یدا و هیچ کێشەیەك نەبوو لە هێلکەدانیدا، بەو هۆیەوە ئاوی پیاوەکەی بە سەلامەتی نەدەگەشتە هێلکەی ئافرەتەکە تاوەکو بپینرێت، لەڕێگای ئەم نەشتەرگەریەوە دەتوانرێت تۆوی پیاوەکە و هیڵکەی ئافرەتەکەی بپینرێت، ئەگەر هاتوو بەو ڕیکخەرانەی کە باسمانکردن ئەو نەشتەرگەریە ئەنجام درا، ئەوا لەسەر ڕای کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی دروستە ئەنجام بدرێت، بەڵام تا بکرێت مرۆڤی موسڵمان خۆی بەدوور بگرێت لەم جۆرە نەشتەرگەریانە لەحاڵەتی زۆر پێویست و ناچاریدا نەبێت .

**شێوازی دووەم** : ئەگەر هاتوو تۆی پیاوێکی بێگانە وەرگیرا و لەگەڵ هیڵکەی ژنێکی بێگانەدا لەدەرەوەی ڕەحمی لە تاقیگەدا پیتێنراو پاشان گەڕێنرایەوە بۆ ڕەحمی ئافرەتەکە، ئەم شێوازەش دروست نیە و حەرامە ئەنجامدانی چونکە منالێك پەیدا دەبێت لە تۆوی پیاوێکی بێگانە و ژنێکی بێگانە کە بە شێوەکی شەرعی

نەگەشتوون بەیەك و پاشان ئەو مناڵە کە لەدایك دەبێت باوکی شەرعی خۆی ناناسێت، و ئەم شێوازە دەبێت بەهۆی لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك ئەم شێوازە دروست نییە، ئەم شێوازەیش کاتێك دەگیرێتە بەر کە پیاوی شەرعی ئەو ژنە تۆی پیاوەتی لاواز بێت، یان هەر نەزۆکی یەکجاری بێت .

**شێوازی سێهەم** : تۆوی پیاوێك و هێلکەی ژنێك کە ژن و پیاوی شەرعی یەکترن، وەردەگیرێت و لە تاقیگەدا دەپیتیرێت، پاش دڵنیابوون لێی دەیگەڕێنەوە بۆ ناو ڕەحمی ژنێکی بێگانە کە ڕەحمی خۆی بە کرێداوە یان بۆ ئەو ماوەیە ( تطوع) ی کردووە، بۆ ئەوەی ببێت بە کۆرپەلە و پاشانیش بە منداڵ، ئەم شێوازەیش دروست نییە و حەرامە ئەنجامدانی، چونکە ئەم شێوازە ڕێگایەکی شەرعی نییە بۆ پەیدا بوونی منداڵ، ئەم شێوازەیش کاتێك دەگیرێتە بەر کە

ژنی پیاوەکە لە هیلکەدانی گرفتی نەبێت بەڵام لە ڕەحمی گرفت هەبێت بۆ بوونی منداڵ .

**شێوازی چوارەم** : ئەوەیە کە تۆوی پیاوێك وەربگیرێت لەگەڵ هیلکەی ئافرەتێکی بێگانە و لە تاقیگەدا بپیتێرێت و پاشان بیگەڕێننەوە بۆ ناو ڕەحمی ژنی شەرعی ئەو پیاوەی کە تۆوەکەی لێ وەرگیراوە، ئەم شێوازەیش دروست نییە چونکە تۆوی پیاوێکی بێگانە و ئافرەتێکی بێگانە کە بە شێوەی شەرعی نەگەشتوون بەیەك پیتێنراوە و منالی لێ پەیدا بووە، ئەم شێوازەیش کاتێك دەگیرێتە بەر کە ژنی شەرعی پیاوەکەی خۆی گرفتی هەبێت لە هیلکەکانیدا، یان هەر نەزۆکی تەواو بێت، بەڵام ڕەحمی هیچ کێشە وگرفتێکی نەبێت .

جا خۆشەویستان وەك باسمان کردن تەنها شێوازی یەکەم شەریعەتی ئیسلام ڕێگای پێداوە بە ئەنجامدانی، ئەویش وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە لەبەر ناچاری و پێویستی نەبێت

نەكرێت، وە ئەگەر كراش بەو ( ضواط )ــە شەرعیانە ئەنجام بدرێت ..

خوای گەورەش زاناترە .